







# مۆدە جوانەکانی قـــ

**شەرمین - سالۆن ستۆکهۆلم**

یەکێك لە مۆدە جوان و سەرنجڕاکێشەکان، بریتییە لە مۆدەی تەسریحەی خاو یان سەرح بۆ قژ، ئەو مۆدەیە شـــێوەیەکی جوان و رازاوە بۆ قژی خانمان دەبەخشـــێت. قژی خاو لەگەڵ گشت جۆرە جل و ســـتایلێکی پێست دەگونجێ، ئەوەی سەرنجڕاکێشـــە لە قژی خاو، کاتێك بەسەر شانەکاندا بەردەبێتە خوارەوە و شێوەیەکی ناسك دەبەخشێت.

لەگەڵ ئەوەی قژی خاو، جوانییەکی کراوەی هەیە، بۆیە دەکرێ لەگەڵ هەر رەنگێك بگونجێ، بـــە جۆرێك رەنگەکە لەگەڵ ســـتایل و جۆری قژەکە بگونجێ، یەکێك لـــە جوانترین رەنگەکان




# جلی رازاوە و

جلوبـــەرگ تەواو دیکۆری مرۆڤ دەگۆڕێت، بەتایبەتـــی بـــۆ ئافرەتـــان هێنـــدەی دیکـــەی جوانییەکەیـــان دەردەخەن. هەربۆیـــە دەبێ خانمان جلەکانیان وا هەڵبژێرن کە جوانی بە جەســـتەیان ببەخشـــێ. تەنانەت کاتێك دەســـتە جلـــەکان بە رێگەیەکـــی جـــوان و رێکخەر نێـــوان رەنگ و ستایلەکان هەڵدەبژێردرێن، دەبێ شیاوی جوانییەکی رەها بێ، ئەمەش مەرجێکە بۆ ئەوەی لە نزیکەوە

# جوانترین مۆدەی کراسی بووک

مۆدە جوانەکانی جلوبەرگـــی بووکان، یان ئەو کراســـانەی بۆ رۆژی بووکێنـــی خانمان تەرخان کراون، بۆ ئەوەی بووکە خانم بە بەدلەیەکی جوان و ناسك لەم رۆژەدا خۆی دەربخات.

کاتێـــك مۆدەیەکی تـــازە دەردەکەوێ، دەبێ خانمان ئەو جۆرە مۆدەیە هەڵبژێرن بۆ ئەوەی بە رازاوەترین بووك دابنرێن، ئەمەش کاتێك ئەگەر کراسێکی ناسك و جوان دەستنیشان بکەن.

دوو جۆرە مۆدەی جلوبەرگی لێرەدا نیشـــان دەدەین، هەر یەکـــە مۆدەیەکی تایبەت و جوانی لەخۆوە گرتووە، شێوەی هەریەکەیان شێوەی بەشی ســـەرەوەی کراوەیە، تەنیا جیاوازییەکان لە نێوان بەشـــی خوارەوە دەردەکـــەوێ، مـــۆدەی یەکێکیـــان کراوەیە لە خوارەوە، ئەوەی دیکەش بـــە مۆدەیەکی تەســـك و بۆدی جەســـتە دەگرێـــت، بەمـــەش دەتوانین بە جوانترین کراســـی بووکەخانمـــەکان دابنێیـــن، چونکە شێوەیەکی جوان و رازاوە دەبەخشێت.





## ـــــژی خاو

**بریتییە لە ڕەنگی زەرد یان ڕەنگی زێڕی بۆ ســـتایلی قژی خاو، چونکــە زیاتر جوانتر و ڕازاوەتـــری دەکات، بەمەش دەبێتە یەکێك لــە مۆدە جوان و ناسـکەکانی قژ، تەنانەت دەکـرێ قژە خاوەکان دواتر کاری ڕەنگ کردنیان بۆ بکەین، ســتایلی لەم جۆرە لەگەڵ چەندین جلوبەرگ و ڕەنگی ماکیاژ دەگونجێت و دەبێتە مۆدیەکی تایبەت بۆ قژی خانمان، بەمەش بۆ خانمان وەك مۆدیەکی گرنگ دەردەکەوێت.**



# ئێکسسوارێکی ڕازاوە بۆ کەرەستەکانی ماڵ



کەرەســـتەکانی مـــاڵ هەرچییەك بن، پێویســـتە بە جوانی و ڕازاوەیی دابندرێن، تەنانەت ئەگەر کەرەستەکان ورد و بچووکیش بن، چونکە دەکەوێتە بەرچاو. کە باسی کەرەســـتەکانی ماڵ دەکەین، دەبـــێ گرنگییەکـــی زۆر بـــە کەرەســـتەکانی ژووری چێشـــتلێنان بدەین. چونکە کەرەســـتەکانی ژووری چێشـــتلێنان هەمـــوو کەلێن و قوژبنی ماڵەوە دەگـــرن، بۆیە هەرچەندە جوان و ڕازاوەبن، ئەوەندە کار لەســـەر کراوەیی و جوانی ژووری چێشتلێنان دەکات. پێویســـتە گرنگی بە کەرەستەکانی خواردنەوە بدەین، وەك تاقمی (چای - قاوە خواردنەوە)، چونکە ئەو کەرەســـتانە جێگەی جوانییەکی گەورە دەگرێت.




## جوان بۆ خانمان


ببێتـــە هۆکارێك بۆ جوانی جلـــەکان. یەکێك لە جوانترین مـــۆدەکان بریتییە لە، دوو جلی جیاواز، بۆ ئەوەی بەیەکەوە جوانترین و شایستەترین جوانی ببەخشن، ڕێکخســـتنی مۆدە نێوان جینز و بەدی دەبێتـــە یەکێك لە جوانترین مـــۆدەکان، بۆ ئەوەی بەشێوەیەکی ناسك و جوان دەربکەوێ، یان مۆدەی کراسی درێژ لەگەڵ پووت دەبێتە مایەی ڕازاوەیی و کراوەیی لە مۆدەی جلێکی تایبەت و جوان.

## سەرین وەک کەرەستەیەکی جوان و ناسک

کەرەســـتە سەرەکییەکانی ماڵ، هەتا جوانتر و سەرنج ڕاکێشتر بن، ماڵەکە خۆشتر دەکەن. بۆیە دەبـــێ بە وردی و تێڕوانینـــی تایبەتییەوە لە هەڵبژاردنیاندا بیربکرێتەوە، هەندێك جار کەرەســـتە بچووکەکان دەبنە جێگەی جوانییەکی کراوە و ناســـك، ئەم کەرەســـتانەی بەردەوام بەکاردەهێنرێن وەك : جلوبەرگی ماڵ، کەرەســـتەکانی خەوتن، کەرەستەکانی ژووری گەرماو، هەر یەکە لەمانە جوانییەکی تایبەت بەماڵ دەبەخشـــن. (سەرین) یەکێکە لە کەرەستە جوانەکانی ماڵ، وەك یەکێك لە کەرەســـتە ســـەرەکییەکان کە لە ژووری دانیشتن و نووستن دادەنرێ، بۆیە دەبێ ئەو ئێکسسوارە بە نایابترین شـــێواز ئامادە بکرێ، جوانی ســـەرین لە جوانی نەخـــش و نیگارەکانی دەردەکەوێ، وەك دیکۆرێکی ڕازاوە و ناســـك لە ماڵ دادەنرێ و وەك کەرەستەیەکی ناسك لە دیکۆری ژووری دانیشتن لەسەر قەنەفە دادەنرێ، هەروەها لە ژووری نووستنیش بە جوانترین شێواز دەردەکەوێت.









# ئوتۆمبیلێک لە دار دروست کرا

دار یەکێکە لەو ماددانەی کە زۆرە و بە ئاسانی دەستدەکەوێ، تەنانەت کار کردن لەسەر دارەکان دەبێتە ڕێگەیەکی ئاسان بۆ ئەوانەی کاری دارتاشی یان بەرهەمەکانیان لەدار دروست دەکەن.

پیاوێکی بە بەهرەی وڵاتی کەنەدا توانیویەتی لە دار چەندین بەرهەمی نایاب دروست بکات.

ئەو بەرهەمەی کە دەیبینن بریتییە لە دروستکردنی ئۆتۆمبیلێك لەدار، ئۆتۆمبیلەکە بەهاوکاری کۆمپانیایەکی ئۆتۆمبیل سازی دروست کراوە،، پیاوە بەرهەمەندە کەندەییەکە ناوی (میندیژ)ە، شایانی ئاماژە پێدانە ئوتۆمبێلە دارەکە، دەکرێ لە ناو ئاویشدا بهاژووڕێت !

# سەیرترین بەدلەی بووک

چەندین مۆدەی سەیر لە جلوبەرگ و نمایشە جوانەکاندا دەردەکەون، هەریەکەش بە گوێرەی ئەو بیرۆکەیە کاتێك لە پێشوودا دادەنرێ بۆ ئەوەی شتێکی جوان و سەیری لێوە دروست بکەن، مۆدەیەکی سەیر کە لەمدواییانەدا سەری هەڵداوە، بریتییە لە نەخشاندنی جلوبەرگی بووکە خانمە.

بەدلەی بووك زۆر جۆری سەیر و سەمەرەی هەتا ئێستا لەم لاپەڕانەدا بڵاوکراونەتەوە، بەڵام ئەوەی ئەمجارەیان شێوەیەکی سەیرتری لە خۆوە گرتووە، تەنانەت دەبێتە جێگەی سەمەرەی گشت کەسێك، لە وێنەکەدا دیارە کە بەدلەکە نزیکەی دوو مەتر کراوەیە، لەگەڵ کڵاوێکی سەر کە بە (٤) کەس هەڵیان گرتبوو بۆ ئەوەی نەکەوێت.





# جەستەی ئاژەڵ و سەری مرۆڤ

لە یەکێك لە گوندەکانی وڵاتی تورکیا کە کەوتۆتە نزیك شاری ئەزمیر، بزنێك کاریلەیەکی دەبێ، لەدایك بوونێکی زۆر ناوازە دەبێ، هەربۆیە دەبێتە جێگەی سەرسوڕمانی گشت ئەوانەی ئەو بێچووە بزنەیان دیوە.

کارەکە شێوەی سەری وەکو سەری مرۆڤ وایە، لەوە دەچێ جەستەی ئاژەڵ و سەری مرۆڤ بێ، شێوەی کاریلەکە تەواو لە شێوەی مرۆڤ دەچێ لە ڕووخسار و شێوەیدا، تەنیا گوێچکەکانی لە بزن دەچن، ئەمەش یەکێك لەو حاڵەتە ناوازانەیە کە بەدگمەن ڕوو دەدەن.



## ئەو پیرانەی گەنجانە بیردەکەنەوە

وەرزش بۆ هەموو لایەك سوودی هەیە، تۆپی پێش یەکێك لە یارییە وەرزشییە سەرنجڕاکێشەکانە، ئەو یارییە تەمەنەکان ناناسێ بەو مەرجەی توانای جەستەییت هەبێت، ئەگەر سەیرێکی ئەو وێنەیە بکەین یاری تۆپی پێی پیرانە دەبینین. ئەو یاریزانانە هیچیان تەمەنیان لە (٦٠) ساڵ کەمتر نییە. ئەو وێنەیە لە هەرێمی (شانیهانگ) لە وڵاتی هیندستان گیراوە. دەبینین پیاوە پیرەکانی ئەو هەرێمە خەریکی یاری تۆپی پێن، ئەوەی سەیر بێ، هەر یەکە شێوەی بۆیە کردووە وەك ئەوەی جلێکی وەرزشی لەبەر بێ و جیاواز بێ، بۆیە دەبێتە سەیرترین وێنەکانی تۆپێ پێ !

## ئەوە سگی مرۆڤە یان...



زۆرکەس بە هۆی تووشبوونی جەستەی بە نەخۆشییەکی مەترسیدار، تەواو شیرازەی جەستەی تێك دەچێت، کە ئەم تێکچوونی شیرازەی جەستەیە بەدەستی مرۆڤەکەوە نییە، لە ئەنجامی نەخۆشییەوە سەرهەڵدەدات، یاخوا کەس وەك ئەو هاوڵاتییە چینییەی لێنەیە کە دەبینین سگی ئەوەندە گەورە بووە، بەقەد بەرمیلێك دەبێت.

بەهۆی نەخۆشی گەورە بوونی خانەکانی پێست، شێوەی سگی ئەو پیاوە کە ناوی (میسۆنگ)ە، ئەوەندە گەورە بووە، بۆتە سەیرترین حاڵەتی گەورەبوونی سگ. هەرچەندە دەگوترێت چارەسەری ئاسانە، ڕێژەی چەوری لە خانەکانی دابەزێنن. ئەوکات سگەکەی وەك جارانی لێدێتەوە.



## خەون دیتن بە ئەوروپا

بۆ دەرچوون لە وڵاتێك بە قاچاغی و چوون بۆوڵاتانی دیکە بە ڕێگەی نا ئاسایی، بیر لە چەندین فێڵ و تەڵەکەی سەیر کراوەتەوە، ئەمەش وەك ڕێگەیەك بۆ دەربازبوون لە بازگەکان و چاودێرە تایبەتییەکانی سەر ڕێگا. گەنجێکی وڵاتی ئەفغانستان سەیرترین ڕێگەی فێڵی پەڕینەوەی دۆزیوەتەوە بۆ ئەوەی کە بگاتە وڵاتی ئیتالیا، کەچی وەك دەڵێن لە فێڵبازیش فێڵبازتر هەیە بۆیە فێلەکەی سەری نەگرت..

گەنجە ئەفغانییەکە لەناو جانتایەکی بچووکی گەشت کردندا خۆی حەشار دابوو کە لە دواوەی ئوتۆمبێلێك دانرابوو، بەڵام پۆلیس بەم فێلەی زانی و لە ئەنجامدا دەستگیر کرا.



## منداڵان لە ناو بەفر ڕادەهێنن

مەشق و ڕاهێنان لە بواری سەربازیدا یەکێکە لە قورسترین کاری سەربازی، چونکە ڕاهێنانەکان مرۆڤ تووشی ئازاری دەروونی و جەستەیی دەکەن، بەڵام ئەگەر ئەم ڕاهێنانە جەستە قەت ئامادەیی نابێت لەبەرامبەر ڕۆژە سەختەکاندا خۆڕاگرێت. لە وڵاتی کۆریای باکووردا منداڵەکانیان بۆ ڕۆژە سەختە و ساردەکان بەمجۆرە ڕادێنن.

ڕاهێنانەکە بەم شێوەیە، دەبێ منداڵەکان لە وەرزی زستان و لە ناو بەفر، بە بێ بەرگ، خۆیان لەگەڵ ئەم کەش و هەوا ساردە ڕابێنن، بۆ ئەوەی گەر سبەی گەورە بوون لە بەرامبەر شەڕ و سەختیدا خۆڕاگربن.







# برینی جەستە لە جیاتی مۆدەی تاتۆ

مۆدەکانی تاتۆ چەندین جۆر و جیاوازن، تاتۆ واتە جەستـــە کوتان. بەڵام مۆدە و شێوە و نەخشەکانی تاتۆی سەر جەستە گۆڕاون، لە تاتۆوە بەرەو بریندار کردنی جەستە. بۆ ئەوەی زیاتر خۆ نیشان بدەن. مۆدەکانی کە بــەم دواییەیە پەیدا بووە جیاوازە لە تاتۆ، مۆدە تازەکان جیاوازیان زیاتر و کاریگەرترن لە تاتۆ، چونکە لەم مۆدەیە جەستە دەبڕدرێت.

ئەم مۆدەیە زیاتر لە پشتی سەر دەدرێت، بۆ ئەوەی لە دواوە دەربکەوێ و شێوەیەکی جوانی هەبــێ، زیاتریش پیتی (X)ی ئینگلیزی بەکاردەهێنن وەک هێمایەک بۆ مەترسیدار بوونی ئەو کەسەیە. بەمەش دەبێتە یەکێک لە ترسناکترین و سەیرترین تاتۆی جەستە.









# بەرد باران تا ئێستاش بەردەوامە!



بەپێی نەریت و ئایینەکان چەندین سزا و ئیدانەکردنی تاوانباران لە کۆمەڵــگا جیاوازەکاندا هەیە،، هەر کۆمەڵگەیەك یاســایەکی تایبەتی دانــاوە بۆ تاوانباران. یەکێك لەوانە بەرد باران کردنە. تاکو کەســە تاوانبارەکە ببێتە پەند بــۆ ئەوەی کەســانی دیکە ئەو تاوانــە نەکەن کە تاوانبارەکە پێی سزادراوە. لە وڵاتی (مالی) هێشــتا لەسەر ئەو یاســایە دەڕۆن ئەگــەر کەســێك کارێکی تاوان ئەنجام بدات، دەبێ لە ژێر زەوی دابنرێ و بەرد باران بکرێت، تاوەکو گیان لە دەســت دەدات. ئەوەی دەیبینن یەکێکە لە تاوانبارانــەی کە حوکمی ئەو بەرد بارانــەی بۆ دەرچووە و بەرد باران دەکرێ.

## بەبێ جلوبەرگ پیاسە دەکات !



زۆر کەس کە خوی بەشتێکەوە گرت بە زەحمەت دەستبەرداری دەبێت، وەک دەڵێن خۆی شــیری هەتا پیری. ئەو کەسانە نە بە ئامۆژگاری و نە بە ســزا واز لە خوەکانیان ناهێنن. ئەو پیاوەی دەیبینن لە وڵاتی بەریتانیا دەژیێت و خووی بەوە گرتووە کە جلو بــەرگ لەبەر نەکات، پیاوەکە نە سەرخۆشــە و نە کێشەیەکی دەروونی هەیە.

ئەم پیاوە، چەندین جار دەستگیر کراوە و کەچی واز لەم کارەی ناهێنێت، حەوت ساڵە لەسەر ئەم کارەی بەردەوامە، ئەو پیاوە نــاوی (گۆگ)ە و لــە دوایین دادگایی کردنیدا بڕیاری بۆ دەرچووە، ئەگەر لــە داهاتوو هــەروا بە رووتی بگــەڕێ، دەبێ زیندانی تــا هەتایی بکرێت.







# ئافرەت لە پیاو بەهێزترە

دەڵێن لە بەرامبەر بەرگەگرتنی سەرمادا، ئافرەتان لە پیاوان بەهێزترن.، ئەمەش بەتاقیکاری و توێژینەوە دەرکەوتووە، کە جەستەی ئافرەتان بەهێزترە لە جەستەی پیاوان لە بەرامبەر سەرمادا، یەکێك لە هۆکارەکان بوونی ڕێژەی (موو)ە لە جەستەی پیاوان، ئەمەش وادەکات خانەکانی جەستە ڕێگە بە هەوای سارد بدەن لە خانەی مووەکانەوە بچێتە ژوورەوە.

سەیری ئەو وێنانە بکەن دەبینین چ ڕۆژێکی سارد و بەفرە، لەم ڕۆژەدا پیاوان بە جلی ئەستوورەوەش ناتوانن بێنەدەرەوە، کەچی ئەو خانمانە بە جلی کورت و تەنك هاتوونەتە دەرەوە و بەبێ ئەوەی هەست بە سەرمابوون بکەن.



## چاوی جیاواز!

چاوی مرۆڤ و ئاژەڵ لە دوو گلێنە چاوی وەکو یەك لە شێوە و ڕەنگ پێکهاتووە،، ئەمەش بۆ ئەوەی لە گشت لایەنێکەوە بە جوانی وێنەکان وەربگرن و بۆ مێشکی بگوازننەوە، بەڵام لە هەندێك حاڵەتدا چاوەکان شێوەیان دەگۆڕێت و شێوەیەکی دیکە وەردەگرن.

کەچی ئەم پشیلەیەی لە وێنەکەدا دیارە،، چاوەکانی هیچ لە یەك ناچن. ئەم پشیلەیە لە وڵاتی ئوستورالْیا دەژیێت و چاوێکی ڕەنگی زەردی کاڵە، ئەوەی دیکەشی ڕەنگی ڕەشە، دوای پشکنین و تاقیکاری پزیشکی دەرکەوتووە کە چاوەکانی ئەو پشیلەیە هیچ جیاوازییەکیان لە بینین دا نییە و وەکو یەکن.

## منداڵە بەتەمەنەکانی چین



مرۆڤە کورتە باڵاکان، هیچ جیاوازییەکیان نییە لەگەڵ مرۆڤی ئاسایی، وەك مرۆڤەکانی دیکە مافیان هەیە لە گشت بوارێکی ژیان. لە وڵاتی چین ئەگەر سەردانی قوتابخانەیەکی ئامادەیی بکەی، بچووکترین قوتابی لەم شوێنەدا دەدۆزیتەوە.

ئەوەی دەبینین منداڵ نییە، گەنجێکە و تەمەنی ١٧ ساڵ دەبێ، درێژی باڵای نزیکەی (٦٨) سەنتیمەتر دەبێ، وەکو دەبینن چۆن پێوانەی جەستەیی بۆدەکرێت. کەچی ئەگەر بە تەمەن بێ دەبێتە گەنجێکی گەورە و تەواو، بەڵام ئێستا وەك منداڵێك دەکەوێتە بەرچاو.